# بۆچی ئینشعابی‌یەکان لە رووی سیاسی و تەشکیلاتی و ئەخلاقی‌یەوە مافی ئەوەیان نیە ناوی کۆمەڵە لەسەر خۆیان دانێن؟

ئێستا کە هەموو هەوڵەکانی مەسئوولانە و بەرپرسانەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەهۆی پێداگرتنی ئینشعابی لەسەر خواست و پێشنیاری دوور لە مەنتق و دوور لە پرەنسیپی تەشکیلاتی و ئەساسنامەیی بێئاکام مایەوە و بە بونبەست گەیشت و جیابوونەوەی کۆمەڵێک لە ئەندامان لە ریزی تەشکیلاتی کۆمەڵە بوو بە شتێکی واقیعی، جێگەی خۆیەتی کە بە حەوسەڵە و وردبینی‌یەکی زیاترەوە هۆیەکانی ئەم جیابوونەوەیە شی بکەینەوە. هەر بۆیە، هەوڵ دەدەین بە روونکردنەوەی رەوتی تەشکیلاتی ئەم جیایی‌یە و ئاماژەکردن بە مەرجەکان، داخوازی گەلێک کە بۆ بەشداری‌کردن لە کۆنگرەی نۆیەمی کۆمەڵە و مانەوە لە ریزی ئەم تەشکیلاتەدا دەیانهێنا گۆڕێ، نابەهەق بوونی ئەوان لەقاو دەین و هەروەها نیشان بدەین کە بۆچی ئەوان لەباری سیاسی و تەشکیلاتی وئەخلاقی، مافی ئەوەیان نیە کە ناوی کۆمەڵە لەسەر خۆیان دابنێن.

با لە پێشەوە هۆی ئەم جیابوونەوەیە لە زمانی خۆیان ببیستین. بەڕێوەبەرایەنی ئەم ئینشعابە لە بەیانی‌یەیەکدا کە ماوەیەک لەمەوبەر بڵاویان کردەوە بە ئاماژەکردن بە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (رێبەندانی ۱۳۷۸) وتوویانە: "ئێمە بە دڵنیایی‌یەوە لەسەر ئەو باوەڕەین کە پێداگرتن لەسەر باڵادەستی تەشکیلاتی و بەدەستەوەگرتن و قەبزەکردنی رێبەری کۆمەڵە لە دەورەی بەحسەکاندا، لە راستی‌دا درێژەی هەمان سیاسەتی حەزفی بێمەنتقە کە بە توندترین شێوە لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بەڕێوە چوو و ئێمەی هەتا ئێرە هێنا. ئایا هەر ئەو پێداگری‌یە سەرسەختانە و توندڕەوانەیە لەسەر سیاسەتی حەزف نەبوو کە لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب تۆوی ئینشعابی چاند؟"

بە پێی قسەی ئەو گرووپە گۆیا ئەوە ئێمە بووین کە لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تۆوی ئینشعابمان چاند و کارێکمان کرد کە ئەوان لە کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە ئینشعاب بکەن. ئەگەرچی ئەم قسانە هیچ کەس کە هێندێک بە مەسایلی پەیوەندی‌دار بە خەباتی تەشکیلاتی و سیاسی‌یەوە ئاشنا بێ، قانع ناکا. سەرەڕای ئەوەش بۆ ناسینی ئەو ئەونگیزانەی کە لە پشت ئەمجۆرە رستە و وشانەدا خۆیان حەشار داوە، ئاماژەیەکی کورت کردن بە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بێ‌فایدە نیە.

یەکەم: بەڕێوەبەرانی ئەم ئینشعابە خۆیان بانگەوازی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبیان دا و خۆیان لە رێکخەران و بەڕێوەبەرانی ئەو کۆنگرەیە بوون، نووسینی ئایین نامەی هەڵبژاردنی نوێنەران، حەوزەبەندی‌یەکان، دیاری‌کردنی چاوەدێرانی حەوزەکان، هەڵبژاردن و تەواوی رەوتی پێوەندی‌دار بە بەڕێوەچوونی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەژێر چاوەدێری راستەوخۆی خۆیاندا بوە. کەوایە ئەگەر ئەوان کەمینەیەکی چکۆلە لە نوێنەرانی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبیان پێک دەهێنا و نەیانتوانی رەوت و جیهەتی خۆیان لەو کۆنگرەیەدا بەرنە پێش، سەرچاوە و هۆیەکەی هاوسەنگی هێزێک بوو کە لە تەشکیلاتدا شکڵی گرتبوو و ئەو راستی‌یە پەیوەندی بە کردەوەی خۆیانەوە هەیە و ناتواندرێ بە هەڵوێستی گۆیا توندڕەوانەی ئەم یان ئەو تەوزیح بدرێ. دووهەم، مەگەر کۆنگرەی حەوتەم بەرزترین ئورگانی بڕیاردەری ئەم تەشکیلاتە و شوێنی کۆبوونەوەی نوێنەرانی ئەندامی ئەو تەشکیلاتە نەبوو؟ ئایا ئەو کۆنگرەیە مافی ئەوەی نەبوو بەهۆی هەڵسەنگاندنێک کە لە گیروگرفتەکانی تەشکیلات و کردەوەی بەڕێوەبەرانی حیزب بووی، کەس یان کەسانێکیان بۆ کومیتەی ناوەندی هەڵ نەبژێردرێتەوە؟ ئایا ئەگەر کۆنگرەی حەوتەم کە بە پێی قسەی سەرانی جیایی‌خوازەکان "عەقڵ و ویژدان و

شعووری جەمعی بەسەری‌دا زاڵ بوە"، کەس یان کەسانێکی لە جێگا و شوێنی تەشکیلاتی پێشووی خۆیاندا نەهێشت، ئەوە ماناکەی سیاسەتی سەرسەختانە و توندڕەوانەی حەزفە؟ ئایا ئەوە ماناکەی تۆوی ئینشعاب چاندنە؟

ڕاستی‌یەکەی ئەوە بوو کە ٢ کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێشووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە ئێستا لە سەروی ئینشعابی‌یەکان، بەهۆی خەتایەك کە لێیان رووی دابوو و زۆرینەی کۆنگرە خەتای ئەوانی بە تەواوەتی بە دژی ئوسوول و پرەنسیپە سیاسی و تەشکیلاتی‌یەکانی حیزب دادەنا، رەخنەیان لێ گیرا. کردەوەی ئەوان لە لایەن زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەوە مەحکووم کرا. ئەو دوو کەسە بەتەما بوون بە شێوەیەکی کودتاگەرانە بەڕێوەبەری تەشکیلاتی کۆمەڵە بە دەستەوە بگرن و گشت تەشکیلات بەرەو ئەو جیهەتەی کە بوویان بەرن و ئیمکاناتی مادی تەداروکی وەها حەرەکەتێکیشیان جێبەجێ کردبوو. ئەوەی کە ئەو نەخشەیە بە هەڵکەوت و تەسادوفی ئاشکرا بوو و لە نیوەی رێدا پووچەڵ بۆوە، بە هیچ شێوەیەك ناوەرۆکی مەسەلەکە ناگۆڕێ.

هەڵبەتە هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی بەڕێوەبەری تەشکیلات لە حیزبێکی سیاسی‌دا خۆی لە خۆی‌دا ئیرادێکی نیە و ئەوە مافی تەبیعی هەر ئەندامێکە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەو هەوڵانە دەبێ لە کاناڵ و میکانیسمی قانوونی و ئەساسنامەیی‌یەوە بەرەوپێش بچێ و هیچ کەس بۆی نیە کە بە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی ئەو جێگا و شوێنانە دەست بۆ هەر وەسیلەیەك کە پێی باش بوو بەرێ. ئەو دوو کەسە بۆ بەدەست هێنانی پلەی تەشکیلاتی رێگەیەکیان گرتبوە بەر کە نە لە باری سیاسی و نە لە باری تەشکیلاتی‌یەوە شەرعییەتی نەبوو. ئەو دوو کەسە دەستیان دابوە کردەوەی ژێربەژێر و دروست کردنی تەشکیلاتێك لە نێو تەشکیلاتدا.

سەرنج و تێڕوانینی کۆنگرە بەو مەسەلانە، بوو بەهۆی ئەوە کە ئەو دوو کەسە بۆ ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی حیزب هەڵ نەبژێردرێن. یەکیان هەرخۆی کاندید نەکرد و هەڵنەبژێردرانی عەبدوڵڵا موهتەدی ئەویش لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیکدا، تەواوی ئەو شتەیە کە سەرانی جیایی‌خوازەکان وەکوو چاندنی تۆوی ئینشعاب نێوی لێ دەبەن. بەڵام لە راستی‌دا کاردانەوەی کۆنگرە لە بەرانبەر خەتایەکدا کە ئەو دوو کەسە کردبوویان هیچ شتێك نەبوو جگە لە پێبەندبوون بە ئوسوول و مەوازینی سیاسی و تەشکیلاتی و سوننەتەکانی کۆمەڵە و پایە و بنەمای یەکگرتوویەکی ئوسوولی.

بەڵام ئەو رووداوەی کە بەڕێوەبەرانی ئەو جیابوونەوەیەی لە ئاکامی کۆنگرەی حەوتەمی حیزب شڵەژاند، ریشەی لە تاکەکەس پەرستی و فەرهەنگی‌یەکی سیاسی دواکەوتوانەدایە کە بەداخەوە دەردەکەوێ ئەوجۆرە بیروبۆچوونە لە دونیای سێهەم لە حیزب و رەوەتە چەپەکانیشدا بێ‌ریشە نیە. ئەو جەمعە پێیان وابوو کە رێبەرەکەیان بە پاڵپشتی ئەوەی کە عومرێك لە بەڕێوەبەریی ئەو رەوتەدا بوو، ئێستاش هەرچەند کە خەتای کردبێ و زەربەی لە ئیعتباری تەواوی رەوتەکەش دابێ، هەمیسان دەبێ لە رەهبەری تەشکیلاتدا بمێنێتەوە. شتێك کە ئەوان لەسەری سوور بوون و پێیان لەسەر دادەگرت، تەنانەت لەگەڵ عورف و عادەت و فەرهەنگی باو لە وڵاتە پێشکەوتوە سەرمایەداری‌یەکانی ئەورۆش نایەتەوە. لەو وڵاتانەدا ئەگەر کەسێکی پایەبەرزی دەوڵەتی خەتایەکی لێ روو بدا کە لەگەڵ ئەو پرستیژانەی کە خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە لەسەری پێك هاتوون نەیەتەوە لانی‌کەم بۆ پاراستنی حورمەتی حیزب و دەوڵەتەکەش بووبێ لە مقامەکەی خۆی لادەچێ و ئیستعفا دەدا. بەڵام بەداخەوە فەرهەنگێك کە ئەم جەمعە لە خۆیانیان نیشاندا زۆر لە خوارەوەتر لە فەرهەنگێك بوو کە تەنانەت لەو جۆرە حیزبانەشدا رەواجی هەیە.

ئەم ئاماژەکردنە کورت و خێرایە بە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب و ئاکامەکانی ئەگەرچی هێشتاش بە تەواوەتی هۆی جیابوونەوەکە تەوزیح نادا بەڵام بە روونی نییەت و ئەنگیزە واقیعی‌یەکانی ئەوان نیشان دەدا. نابێ یەك لایەنە بڕوانینە مەسەلەکان، کەسایەتی‌یەکانیشی دەتوانن دەور و نەخشی خۆیان بێ لە مێژووی ئەحزاب هەر ئەوەی کە بەڕێوەبەرانی

ئینشعاب دەڵێن "کۆنگرەی حەوتەم ئێمەی هەتا ئێرە هێنا"، ئەو راستی‌یە دەردەخا کە مقام پەرستی تاکەکەسیش شوێنێکی دیاری‌کراوی هەیە لە تەوزیحی هۆیەکانی ئەو جیابوونەوەیە لە کۆمەڵە بۆخۆی تەرخان کردوە.

بەڵام ئەگەر بەحسی مەربووت بە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران جارێ وەلا بنێین، یەکێک لە گرینگترین ناکۆکی‌یەکان، بە رواڵەت جیاوازی ئێمە لەسەر هەڵسەنگاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و جێگە و شوێنی کۆمەڵە لەو چوارچێوە تەشکیلاتی‌یەدایە. بەرپۆوەبەرانی ئینشعاب ئەوکات کە تەواوی هەوڵەکانیان بۆ هاتنە ناو رێبەری حیزبەوە لە بەرانبەر قەزاوەت و ویژدانی بەخەبەری کۆنگرەدا بێ‌ئاکام مایەوە و نەیانتوانی ئەو جێگا و شوێنە بەدەست بێنن، ئەمجار وتیان کە حیزبی کۆمۆنیست زیادی‌یە و خۆی بۆتە کۆسپ و بەحسی پێویستی هاتنەدەری کۆمەڵە لەو چوارچێوە تەشکیلاتی‌یەیان هێنایە گۆرێ. ئەوانە کە تا دوێنێ خۆیان کاندید دەکرد بۆ ئەندامیەتی لە کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کاتێک کە نەیانتوانی ئەو پلە تەشکیلاتی‌یە بەدەست بێنن، ئەمجار تەواوی بوون و نەبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان بردە ژێر پرسیارەوە، بەڵام با لەوە بگەرێین و ئەو گۆرینی جیهەت و وەرسووڕانی ۱۸۰دەرەجەیی‌یە بە حیسێبی "دەروون ئاواڵەیی" و "سیاسەتمەداری" ئەو تیئۆریسیەنە نوێ‌خوازی، درەنگ هاتوە دانێین.

ئەو کات کە ئەم بادانەوەیان لەژێر ناوی نوێ‌خوازی هێنایە گۆرێ، کومیتەی ناوەندی جیاوازی لە تێڕوانین بۆ ئەو مەسەلەیەی بەرەسمی ناسی و رێگای بۆ خۆش کردن هەتا بۆچوونەکانی خۆیان بە ئاشکرا بڵاوکەنەوە. کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە پێشنیارکردنی بڕیارنامەیەك لەسەردەمی دەست بەکاربوونی کۆنگرە کە دواجار لە لایەن کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵەوە پەسەند کرا، دەرگای بەحسێکی ئاشکرای لەسەر هەڵسەنگاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و درێژەی ئەندامەتی کۆمەڵەی لەو چوارچێوە تەشکیلاتی‌یەدا، کردەوە هەتا هەر تێکۆشەر و خاوەن نەزەری‌یەکی چەپ و کۆمۆنیست کە بیهەوێ و دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە تێیدا بەشداری بکەن. کۆنگرە هەروەها ئەو ئەرکەی خستوویەتە سەر شانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، هەتا سمینار و کۆنفڕانسی ناوخۆی تەشکیلاتی پێویست لەم بارەیەوە بگرێ و نەزەر و بۆچوونی موافق و و موخالف لە بابەت ئەم مەسەلەیە بڵاوکاتەوە و لە کۆتایی‌دا بڕیاری نیهایی بخرێتە ریفراندۆم و کۆنگرەیەکی نائاسایی (فوقالعادە)وە کە بۆ ئەم مەبەستە دەگیرێ.

بەڵام بۆچی سەرەرای تەواوی رێگە خۆش کردن و کاری بەپرسانەی کومیتەی ناوەندی لەم زەمینەیەدا و سەرەڕای دانی گەلێك زەمانەت بۆ رەعایەت کردنی مافی کەمایەتی تەشکیلاتی، ئەوان رێگەی جیابوونەوەیان گرتە بەر و ریزی کۆمەڵەیان بەجێ هێشت؟

لە راستی‌دا ئەوان دەیان زانی کە ئارمانی سۆسیالیسم و باوەڕ بە چارەنووس سازبوونی خەباتی چینایەتی و رێبازی کۆمۆنیسم لە ناو ریزەکانی کۆمەلەدا، تەنیا کۆمەڵێك شیعاری بێ‌ناوەرۆك نین کە ئەوان بتوانن وەکوو سەرپۆشێك بۆ حەرەکەتی راست ڕەوانەی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن. ئەو باوەڕ و ئەو رێبازە دەست و باڵێ بەستبوون. بۆ ئەوان رزگاربوون لەناوی حیزبی کۆمۆنیست، تەنیا ئاڵ و گۆڕ لە چوارچێوەی رێکخراوەیی‌دا نەبوو، بەڵکوو رزگاربوون لەو "قەید و بەندانەش" بوو کە ئەو بەرنامە و رێبازە فیکری و سیاسی‌یە لەسەر کار و کردەوەیانی دادەنا. ئەوان دەیانزانی لەناو کۆمەلەیەکی کۆمۆنیست دا ناکرێ بە رەواڵەت ئەو رێبازەت هەبێ و بە کردەوە حەرەکەتەکە بەرەو جێگایەکی دیکە بەری.

بەرێوەبەرانی ئینشعاب دەمێك بوو کە لەگەڵ سیاسەتی کۆمۆنیستی زاڵ بە سەر هەڵسووڕانی کۆمەڵەدا موشکلەیان بوو، ئەوان لێکدانەوە و بۆچوونێکی‌تریان سەبارەت بە مێژووی هەڵسووڕانی تا ئێستای کۆمەڵە هەیە. ئەوان جار و بار بە لەبەرچاگرتنی هاوسەنگی هێزی تەشکیلاتی زۆر بە وریایی و موحافیزەکارانە هەموو جارێك گۆشەیەك لە بۆچوونەکانی خۆیان وردەوردە مەترەح دەکرد. پاشان کە بۆیان دەرکەوت ناتوانن لەناو کۆمەڵەدا لە سەنگەری مارکسیسمەوە بچنە شەری پەسندکراوەکانی کۆنگرەکانی کۆمەڵە و، ستراتیژی زاڵ بەسەر هەڵسووڕانی کۆمەڵە لە کوردستان بەرنە ژێر پرسیار، تەنیا بە

هێنانەگۆڕی مولاحزاتێکی رەخنەگرانە لە گۆشەیەك لە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵە خۆیانیان رازی کرد. دوابەدوای ئەوە سەنگەرەکەیان گۆڕی و ئێستا بە رواڵەت ناکۆکی لەسەر جێ و شوێن و موقعییەتی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا سەرەکی‌ترین ناکۆکی و ئیختلافی ئەوان لەگەڵ رێبەری کۆمەڵەیە.

بەڵام ئەوانە رواڵەتی مەسەلەکەیە، دژایەتی کردن لەگەڵ چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە لایەن ئەوانەوە لە راستی‌دا وەرچەرخانێکی سیاسی ئاگاهانە و ناوی رەمزی پشت کردنی بە کردەوەیە لە کۆمۆنیسم و لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی رادیکال و سۆسیالیستی کۆمەڵە، دەنا هەبوونی نەزەری جیاواز لەگەڵ چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تەنیا خۆی ناتوانێ ئینشعاب و جیابوونەوەی ئەوان لە ریزەکانی کۆمەڵە تەوزیح بدات. بەرێوەبەرانی ئینشعاب بە باشی دەزانن کە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هیچ کات کۆسپ نەبوە لەسەر رێگای کەس یان کەسانێك کە ویستبێتیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕانی کۆمەڵەدا بەشداری بکەن و لێهاتوویی و ئیستیعدادەکانی خۆیان نیشان بدەن.

ئەوانە ئەگەر پشتیان لە سۆسیالیزم و ئارمانی بەرابەری ئینسانەکان و مێژووی خەباتی کۆمەڵە نەکردوە کە بە دەرد و رەنج و کار و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان شکڵی گرتوە، چلۆن دەتوانن تەنیا بەخاتری موخالەفەت کردن لەگەڵ چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ریزەکانی کۆمەڵە بەجێ بێڵین. ئەوانە لە راستی‌دا پاشماوەی ئاخرین کاروانی هەڵگەڕاوە و لادەری بەناو واقیعگەری نەزمی نوێی جیهانین، قافڵەکانی‌تری ئەم کاروانە بە پەیوەست بوون بە تیئۆرییەکانی لیبراڵی ئیسلاحی وەزعی مەوجوود، هەرکامەیان رێگەیەکان گرتە بەر.

یەکێکی‌تر لە ناکۆکییەکانی ئینشعابی‌یەکان لەگەڵ کۆمەڵە، لێکدانەوەی ئەوان لەسەر جەناحبەندی‌یەکانی ناوخۆی رژیم دوای هاتنە سەرکاری خاتەمی یان باشتر وایە بڵێین لێکدانەوەی دیاردەی دووی خوردادە. لە نەزەر ئێمەوە هەوڵ و جم و جۆڵی چەند کۆڕ و کۆمەڵی کوردی لە دەرەوەی وڵاتدا بۆ هاوڕێیەتی و پێوەست بوون بەو دیاردەیە و قسەکردن لە رەوتی ئاشتی و هاوکات بوونی ئەو رەوتە لەگەڵ وەسوەسە و مەیلی موهتەدی و ئیلخانی‌زادە بۆ بەدەستەوەگرتنی بەرێوەبەری کۆمەڵە، ناتوانێ بە هیچ شێوەیەك مەسەلەیەکی بەهەڵکەوت و تەسادوفی بێ. ئیلخانی‌زادە و موهتەدی هاوکات لەگەڵ ئەو رەوتەی سەرەوە بوو کە هەوڵیان دا بە شێوەکی کوودتاگەرانە رێبەری کۆمەڵە بەدەستەوە بگرن و لە جیهەتی مەبەستەکانی خۆیاندا بەکاری بێنن. بڕواننە سەرجەمی تەبلیغاتی کۆمەڵە لە رادیۆکان و گۆڤارەکەی، لە چەند مانگی‌یەکی دیاری‌کراودا کە ئەوان بەریوەبەری بوون هەتا ئەو راستی‌یە بە روونی دەرکەوێ کە چلۆن خەریك بوو وەرسوورانیکی سیاسی لە هەلویست و سیاسەتی کۆمەلەدا وردە وردە شکلی دەگرت.

ئەو وتەیەی عەبدوڵلای موهتەدی لە گۆڤاری پیشرەودا کە دەلی: "زۆر سەیرە کە دەولەتی ئیران و بەتایبەتی سەرۆك کۆمار خاتەمی کە باس لە دیالۆگ و گفت وگۆی نیوان تەمەدونەکان دەکا و دەیهەوێ لەگەڵ زل هیز و دەولەتە خارجی‌یەکاندا بەشیوەی گفت وگۆ مەسەلەکانیان چارەسەر بکا، بەڵام لەگەل خەلکی ئیران و خەلکی کوردستان حازر نین ئەو گفت وگۆ و دیالۆگە بەرەو پیش بەرن."، ئەویش ریك چەند رۆژ دوای خۆپیشاندان و نارەزایەتی خۆیناوی ۳ی ئیسفەندی خەلکی شاری سنە، ئەگەر وەرسوورانیکی سیاسی لە هەلویستی کۆمەلە سەبارەت بە جەوهەر و ناوەرۆکی دەولەتی خاتەمی نیە، چۆناوچۆن تەوزیح دەدرێ؟

ئەم چرای سەوز دانەی عەبدوڵلای موهتەدی بە سەرۆك کۆمار خاتەمی بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و گفت وگۆ، هاوکات بوو لەگەل جم و جۆلی چەند کۆر و کۆمەلی لایەنگری خاتەمی لە دەرەوەی وڵات کە باسیان لە "گفت وگۆی فەرهەنگی" دەکرد.

ئایا هەوڵی بەڕێوەبەرانی ئینشعاب بۆ جێبەجێکردنی "پرۆژەی بەدەستەوەگرتنی کۆمەڵە" و هاوکات لەگەڵ ئەوە، چرای سەوزدان بە دەوڵەتی خاتەمی، بەکردەوە بە مانای هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنگرانی کوردی خاتەمی و بەرەی دووی خورداد لە دەرەوەی وڵات پرۆژەکەی ئەوان نەبوو؟

ئەگەر ئەم پرۆژەیە نەچوە پێش و یان جارێ ڕەوتی بەرەوپێش چوونی هێور بۆتەوە، هۆکاری سیاسی خۆی هەیە کە لە جێگای خۆیدا پێویستە لێی بکۆڵدرێتەوە. پێوانەیەکی دیکە بۆ هەڵسانگاندنی جێگا و شوێنی سیاسی ئەو ئینشعابە، چاوخشاندنە بەسەر لایەنگرانی ئەوانە لە دەرەوەی وڵات.

هەر لە سەرەتاوە دوو لایەنی دیاریکراو لە ڕەوتی جیابوونەوە پشتیوانیان کردوە. یەکیان ئەو کەسانەی کە خۆیان بە لایەنگری نەزمی نوێی جیهانی دەزانن و دەمێکە پشتیان لە ئارمانی چەپ و شۆڕشگێڕانە کردوە و ئۆمێدیان بەوەیە هەتا بەشکەم سیاسەتەکان و پرۆژەکانی دەوڵەتی ئامریکا بتوانێ میللەتی کورد بە جێگەیەك بگەیەنێ.

لایەنی دووهەم لایەنگرانی کوردی دەوڵەتی خاتەمی و دووی خوردادی‌یەکانی دەرەوەی وڵاتن، کە لەسەر ئەو بڕوایەن بە هاوڕێیەتی‌کردن و هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ ئەم پرۆژەیە ئیمکانی ئەوەی هەیە زەمینەی سازش و پێکهاتن لەگەڵ دەوڵەت لە کوردستان بڕەخسێ. ئەم دوو لایەنە هەرکیان سالیانێکە لەگەڵ کۆمۆنیسم و سەراسەری‌بوونی کۆمەڵە موشکلەیان هەیە.

ئەگەر لە ڕوانگەی چاوەدێرێکی ئاگا بە مەسایلی سیاسی لە دەرەوەی تەشکیلات بڕوانینە ئەم مەسەلەیە ئەوە بە هەڵکەوت نیە ئەو کەسانەی کە بەو مەیلە سیاسی‌یانەوە دەناسرێنەوە، هەرکامەیان بە شێوەیەك لە حەرەکەتی موهتەدی–ئیلخانی‌زادە پشتیوانی دەکەن، لە بەرانبەر ئەوەدا ئەوە لایەنگران و دۆستانی واقیعی کۆمەڵە، هێزە چەپەکان و تەواوی ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەك خۆیان بە چارەنووسی ڕەوتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست و کۆمەڵە مەربووت دەزانن، هەن کە پشتیوانیان لە کۆنگەرەی ٩ی کۆمەڵە و هەڵوێستەکانی کردوە.

ئەوە گۆشەیەك لە کاکڵ و ناوەرۆکی هەڵوێست و سیاسەت و کردەوەی بەڕێوەبەرانی ئینشعاب بوو. لە ڕاستی‌دا ئەوانە لە ماوەیەك لەمەوبەرەوە، ئەوکات کە لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵە بەرەو ئەو جیهەتەی کە مەبەستیان بوو نائۆمێد ببوون، بڕیاریان دا لە کۆمەڵە جیا بنەوە. ئاخرین هەوڵ و پێداگرتنی ئەوان لەسەر خواستەکان و مەرجە نامەشرووعەکانیان لەوانە ئیدارەکردنی تەشکیلات بەشێوەی ٥٠ بە٥٠، بۆ مانەوە لە تەشکیلاتدا نەبوو. ئەوان بە هیچ شێوەیەك بەتەما نەبوون لەگەڵ ئێمە لە تەشکیلاتدا بمێننەوە. پێداگرتنی ئەوان بۆ حوزوور لەناو ڕێبەری کۆمەڵەدا بە شێوەی ٥٠ بە٥٠، تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بوو کە بتوانن دواجار وەکوو بەشێك لە ڕێبەری کۆمەڵە جیا بنەوە و لەباری قانوونی و تەشکیلاتی‌یەوە بتوانن ناوی کۆمەڵە لەگەڵ خۆیان بەرن و ئیددیعا بکەن کە کۆمەڵەن، ئەوە هۆی سەرەکی و ڕاستەقینەی پێداگری ئەوان لەسەرپێش شەرتە دوور لە مەنتق و نامەشرووعەکانیان بوو. کەڵك وەرگرتن لە ناوی کۆمەڵە لە لایەن ئینشعاب تەڵەبەکانەوە نە لە باری هەڵوێستی سیاسی و جیهەتێك کە گرتوویانە بەر و نە لە باری قانوونی و تەشکیلاتی‌یەوە مەشرووعییەتی نیە. بێشك کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانیش کە کۆمەڵەیان لە داوێنی خۆیاندا پەروەردە کردوە ئەو هەقە بەوان نادەن.

•